# به لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تێپەڕ بووم وئیزارەکەم* هەندێک شۆڕ بوو، فەرمووی: ئەی عبدالله، ئیزارەکەت بەرز بکەرەوە، منیش بەرزم کردەوە، پاشان فەرمووی: زیاتر (بەرزی بکەرەوە)، منیش زیاتر بەرزم کردەوە، لەو کاتەوە ئەوە ئەنجامدەدەم، هەندێک خەڵک ووتیان: هەتاوەکو کوێ (بەرزی دەکەیتەوە)؟ ووتی: هەتاوەکو نیوەی ساقەکان

له عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: به لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تێپەڕ بووم وئیزارەکەم* هەندێک شۆڕ بوو، فەرمووی: «ئەی عبدالله، ئیزارەکەت بەرز بکەرەوە»، منیش بەرزم کردەوە، پاشان فەرمووی: «زیاتر (بەرزی بکەرەوە)»، منیش زیاتر بەرزم کردەوە، لەو کاتەوە ئەوە ئەنجامدەدەم، هەندێک خەڵک ووتیان: هەتاوەکو کوێ (بەرزی دەکەیتەوە)؟ ووتی: هەتاوەکو نیوەی ساقەکان**.
*(ئیزار: ئەو جلەیە کە لە نیوەی خوارەوەی لاشە لەبەر دەکرێت وەکو شەڕواڵ وپانتۆڵ وهاوشێوەکانیان)،
(**(ساق: ئەو ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان وقاپەڕەقەکان -قولەپێکان- پێکەوە دەبەستێتەوە
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

عبداللەی کوڕی عومەر -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: به لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- تێپەڕ بووم وئیزارەکەم* هەندێک شۆڕ بوو، واتا لە خوارەوەی قولەپێکانی بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: (ئەی عبدالله، ئیزارەکەت بەرز بکەرەوە)، منیش بەرزم کردەوە هەتاوەکو ئاستی قولەپێکان یان نزیکی قولەپێکان، پاشان فەرمووی: (زیاتر -بەرزی بکەرەوە-)؛ چونکە ئەمە لە ڕووی تەقواداریەوە باشتر وپاکتر بۆ جلەکەت، منیش زیاتر بەرزم کردەوە هەتاوەکو نیوەی ساق**، لەو کاتەوە ئەوە ئەنجامدەدەم؛ ئەمیش بۆ جێبەجێکردنی سونەت وشوێنکەوتنی فەرمانی پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، هەندێک خەڵک ووتیان: کۆتایی بەرزکردنەوەی جلەکەت هەتاوەکو کوێ بوو کە فەرمانت پێکرا بوو؟ ووتی: هەتاوەکو نیوەی ساقەکان. *(ئیزار: ئەو جلەیە کە لە نیوەی خوارەوەی لاشە لەبەر دەکرێت وەکو شەڕواڵ وپانتۆڵ وهاوشێوەکانیان)، **(ساق: ئەو ئێسکە درێژەیە کە ئەژنۆکان وقاپەڕەقەکان -قولەپێکان- پێکەوە دەبەستێتەوە)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5458